# پتر لە 34 هەزار هاووڵاتی سڤیل
# ساڵی 2006 بە هۆی توندوتیژی لە عێراقدا گیانیان لە دەستداوە

**ئا/ محەمەدی مشیر**

گیباتی ماگازینی، سەرۆکی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق،( 1/16) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە (34452) هاووڵاتی سڤیل لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە عێراق کوژراون و پتر لە36 هەزار کەسیش بریندارابوون.

بە پێی ئەو ئامارە تازەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاشکرای کردووە، ژمارەی کوژراوان لە چاو ئامارەکانی پێشتر، کە پشتیان بە دەرهاویشتەکانی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەبەست، بۆتە سێ بەرابەر.هەرچەندە کە ناکرێ ئاماری ووردی قوربانیانی توندوتیژی لە عێراقدا بزانرێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا حکومەتی عێراق دوایین راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان ،کە هەردوو مانگ جارێك ئامادەدەکرێت، بە زێدەڕۆ لە قەڵەم دەدا، بۆیەش رێگەی بە هیچ بەرپرسێکی عێراقی نەداوە لە مبارەیەوە بدوێ.

ماگازینی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە:" لە ماوەی ساڵی 2006 دا، 34452 هاووڵاتی بوونەتە قوربانی تاوانەکانی کوشتنی بێڕەحمانە و، میلیشیاکان خزاونەتە نێو هێزەکانی ئاسایش، یان لە رێگەی ئەوانەوە کارە توندوتیژەکانیان ئەنجام دەدەن".لە درێژەی قسەکانیدا ماگازینی دەڵێ:" 6376 هاووڵاتی سڤیل لە ماوەی نێوان هەردوو مانگی 11 و12 ی 2006 دا کوژراون، بە پێی نوێترین راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە پشت دەبەستێ بەو زانیارییانەی وەزارەتی تەندروستی عێراق لە نەخۆشخانەکان و بە شی توێکاری بەغدا کۆیکردوونەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رێژەی کوژراوان لە هەر رۆژێکدا گەیشتۆتە (105) کوژراو لە سەرتاسەری عێراقدا، کەچی رێژەکە بە بەراوورد لە گەڵ ماوەی نێوان هەردوو مانگی 9 و 10 دا کەمتر بۆتەوە و چونکە ژمارەی کوژراوان لەم دوو مانگەدا گەیشتبووە 7054 هاووڵاتی، واتە (120) کوژراو بۆ هەر رۆژێك". ئەمەو ماگازینی ئاماژەی بەوە کردووە کە :"زۆرینەی کوژراوەکان لە شاری بەغدا بووە لە ماوەی نێوان هەردوو مانگی 11 و 12 دا و، سەرجەمیان 4731 کوژراوبووە کە بە هۆی گوللە گیانیان لە دەستداوە، کە ئەمەش وادەگەیەنێ کە زۆربەیان قوربانی دەستی تیمەکانی ئیعدام بوون نەوەکو ئەو تەقینەوانەی دەرەنجامی مینرێژکردنی ئۆتۆمۆبێلەکان بە زۆری لە شاری بەغدا دێنە ئەنجامدان".

*سەرچاوە: بی بی سی/ 16-01- 2007